# کێ کەرکوک بخاتەوە سەر کوردستان؟؟؟

ئیدریس حاجی سەعید/کەرکوک
EDRES_H_S@YAHOO.COM
2007/4/5

کەرکوک دڵە، قودسە، چاوە، روحە، پایتەختە و چی و چیە.. ئەمانە ئەو وتە سوا و ئێکسپایەرانەن هەمو کات خەڵکی شارەکەیان پێ فریوداوە، ژیان و حەقیقەتی شارەکە و خزمەتکردنی لەلایەن دەسەلاتی کوردیەوە دەیسەلمێنێت حزبە کوردیەکان و حکومەتەکەیچەنێک ئەم شارە خۆشەویستە لایان و شایانی ئەو وشانەیە کە پێی دەچوێنن.

دەبێ بگەینە ئەو راستیەی کەوا نەک کەرکوک و دانیشتوانەکەی بەڵکو نەوت و سەروەتەکەی بۆ دەسەلاتدارانی پلۆتۆکراتی کوردی گرنگەوجێگەیبایەخە،نەوەکو ئاسودەیی و ژیانی خەڵکەکەی.. وامانزانی دوای روخانی رژێم و ئازادبوونی شارەکە حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتی هەموو قورسایی پرۆژەوکاریان دەهێننەوە کەرکوک و بودجەو بەرنامەی تایبەت و گرنگی بۆ دادەرێژن بۆ خزمەتکردن و کارکردن بۆ هێنانەوەی بۆ سەر کوردستان، کەچی وا بۆ چوار ساڵ دەچێت کارێکی دڵخۆشکەر نەکراوە تروسکەی روناکی ئەو هیوایەی لێبەدی بکرێت.

خەریکە خەڵکی کەرکوک بەتایبەت کوردەکان بێ هیوا دەبن و گومانی ئەوەیان لا پەیدا دەبێت کەوا کەرکوک مەبەستی دەسەڵاتی کورد نیە بۆ گەرانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئەو باوەرەیان لا بچەسپێت کە هەرێمێکی سەربەخۆ بێت بۆ ژیان و ئایندەیان باشترە.

چوار ساڵە حکومەتی کوردی چاوەروانی دەسەڵاتی ناوەندە کێشەی کەرکوک یەکلا بکاتەوە، لەو ماوەیەدا کەرکوک نەخراوەتە نێو هیچ پرۆژەیەکی وا گرنگەوە کە هیوابەخش بێت بۆ گەرانەوەی، کە دەبوو هەر دینارێکی حکومەتی هەرێم نیوی بۆ کێشەی کەرکوک بوایە.

ژمارە(61)ی رۆژی سێشەممە 2007/3/20 ی رۆژنامەی ئاوێنەم خوێندەوە .. ئەو حکومەتە کوردیەی خۆی بە دڵسۆزی کەرکوک دەزانی دەچێت (5)ملیۆن دۆلار دەداتە ئۆتۆمبیل بۆ وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان، لە کاتێکدا ئێمەی کەرکوکی بەدوو بری ئەو پارەیە لەلایەن حکومەتەوە زۆرێک کێشەمان چارەسەر دەبێت و هەنگاوی باشیش دەنێن بۆ جێبەجێکردن و کارئاسانی مادەی140، یان لەهەمان ژمارەداو لەلاپەرە دوودا لە گۆشەکەی کاک مەریوان وریا

قانع(ئەودیوی‌شتەکان) بەناویشانی(مایەپووچبونی ئەخلاقی) دا باس لە دروستکردنی 1200 ڤێلای گەورە دەکات کە دەبێت ساڵی 2010 تەواو بێت ونرخی هەریەک لەم ڤێلایانە دەگاتە یەک ملیۆن دۆلاری ئەمریکی و بە(شاری خەونەکان) ناودەبرێت، لەو گۆشەیەدا ئاماژە بەوە کراوە ئەوانەی تائێستا بەشێکیان لێ کڕیوە پیاوانی دەسەڵاتن.
دەبێت خەڵکی کەرکوک چی دڵێیان بە حکومەتی کوردی خۆش بێت کە هێشتا شارێکی دێرینی وەکو کەرکوکی چارەسەر نەکردوە خەریکی دروستکردنی شارێکی نوێیە بۆ خۆیان و بەرژەوەندی تایبەتیان و بە پارە و سەروەت و سامانی میللەت.
کار وا بڕوات دەبێت هەمومان بڵێین با کەرکوک ویلایەتێکی سەربەخۆ بێت و سەربە ناوەند و هەرێمی کوردستان نەبێت، بەڵکو لەژێر رکێفی ئەوروپا و ئەمریکیدا بێت.. چونکە ئەگەر دزیش لەسەروەتەکەی بکەن ناهێڵن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەیەوە دیار بێت.